# سەمیر عادل هەڵدەستێ بەسەردانێ بۆ ژاپۆن و کۆریای باشوور

لەسەر بانگێشتی بزووتنەوەی " لەپێناو دیموکراتی و سۆشیالیزم " و " لیژنەی ژاپۆنی بۆ داکۆکی کردن لە بەرهەڵسکاری مەدەنی عیراقی و ڕێکخراوی کۆمەڵە لە پێناو دیموکراتی و ئاشتی و هاوپەیمانی سیاسی سۆشیالیستی کۆریا".سەمیر عادل سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عیراق لەناوەڕاستی ئەم مانگەدا ،هەڵدەستێ بە سەردانێ بۆ ژاپۆن و کۆریای باشوور.

سەمیر عادل چاوی دەکەوی بە سەرۆک و ڕابەرانی ڕیکخراو و ئەو پاراتانەی ناویان برا.سەرەڕای بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەی جەماوەری ،لەشارەکانی " تۆکیۆ و ئاواساکا و کیۆتۆ و سیئۆل وباسان" ،و باسکردنی لەسەر هەل ومەرجی سیاسی لە عیراق و نەخشەو بەرنامەی کۆنگرەی ئازادی عیراق بۆ ڕزگار کردنی کۆمەڵگای عیراق لە گێژاوی تیرۆر و توندو تیژی و داگیرکاری .هەروەها گفتۆگۆکردن لەسەر دامەزراندنی لقی کۆنگرەی ئازادی عیراق لە کۆریای باشوور ،بەهامان شێوەی ژاپۆن.هەروەها قسەو باسکردن لەسەر چۆنیەتی بەهێزکردن و پێشکەشکردنی کۆمەکی ماڵی و سیاسی بە کۆنگرەی ئازادی عیراق.

هەروەها قسەو باس کردن لەگەڵ ڕابەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی لە باشووری ئاسیا، لە میانەی خۆئامادەکاری یە سیاسی و زانستی یەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی دووەمی هاوپشتی لەگەڵ کۆنگرەی ئازادی عیراق لە فلپین لەمانگی نیسانی 2007ی داهاتوو.

**ناوەندی ڕگەیاندنی**

**کۆنگرەی ئازادی عیراق**

**2006-10-15**